خولیای زمان.. عەبدولموتەلیب عەبدوللا

هەمووان دەیانگوت: دوای دەت بکوژ، وامکرد، شکاس.. (ئەگاتا کریستی)

بەگومان ئەو هەستیارەی خانمە نوسەری ئینگلیزی (ئەگاتا کریستی- Agatha Christie) لە تەگەیشتنەکی مەژووییەوە هەڤوەاوە و دەی (هەمووان هادەگرت، بەناو دەی خودی (کریستی) دەشکێنێ.. ئەگەرچی لەبەتەتدا ئەو شارەزاییە مەژووییە (گشتییە) بەرەو شکانی دەنییە، بەڵام بەهەی گەانگاری زەمانی بەرەو شکانی مانامان دەکاتەوە! بەمجەرە ئەو قسەیەی (ئەگاتا کریستی) وەك شکانی مانا، شکانی یەکەیەکی هامانی مانایەکی دیاریکراوە، کە لە شارەزاییەکی زەمانی ژیانکردنەوە بەرەو زەمانی دەربینی تایبەت و جیاوازمان دەکاتەوە، بەناو نەک بەو شوەیەی کە شکانی مانا لە پەرچەکرداری ئاگایەوەیە هاتبەتە ئاراوە، بەڵکە شکانی مانا بەو شوەیەی کە کردەی ئاگایی بونیادی دەنەت!
لەرەوە زمان لە (بابەت)ەوە بە (کردە) دەگەەت، لە هاوگونجانەکی مەژووییەوە بە جیاوازی و تایبەتمەندی، لە بیروەای گشتییەوە بە بیروەای کەسی، لە زەمانەکی مەژووییەوە بە ساتەوەختەکی گەاو و دواخراو.. دەمەوە بەم ئەو جەرە لە شکانی مانا کارەکی کەسی و ئیبداعییە.. واتە ئەو کاتەی کە مانا باوەکان دەشکێن، ئەو کاتەی کە یەکە هاوگونجاوەکانی تەگەیشتن لە ژیانکردنی هاوبەش کادەبنەوە.. ئەو کاتەیە، کە تەعبیرکردن لە مانایەکی دیاریکراوی مەژووییەوە دەکەوەتە لەژیەوە، ئەو کاتەیە، کە مانا جیاوازەکان ساتەوەختی ژیانکردنی تایبەت دەنوێنن..
بەمجەرە دە شکاندن، شکاندنی مانایە و تەعبیر لە (کردەی تایبەتی زمان) دەکات، ساتەوەختی هاتنەدی کردەی زمان، ساتەوەختەکە هەەوەکانی بیرکردنەوەی سیستمی باوی زمان بەرەو جیاوازی دەگەەت. ئەو کاتەی کە تەوانینمان بە تەگەیشتنی باو دەگەەت، دەکەوینە نەوان (پەرچەکردار)ی ئاگایی بابەتیانەی شارەزایی (ئیمانیەل کانت)ەوە! بەناو گەانکاری و داهێنان و جیاوازی دەلالەت لەو ساتەوەختە دەکات، کە (کردەی) ئاگایی (ولیەم دەلتا) و (زمانەوانی نوێ) دایانەشتووە..
لە پەرچەکرداری ئاگاییدا (بەدوای دە کەوتن..) وەك شارەزایی و

ئەزموونکردنی ژیان خەی دەنوێنن. لە کردەی ئاگایيدا (دە شکان…) کردەیەکی ساتەوەختی تاکە کەسيە… کەی ئەو کار و کردە مەعریفيە، لەلایەك تێگەيشتن وەك هەسا و یاسایەکی دامەزراو بۆیان دەکات و لەلایەکی دیکە مانای گشتاو وەك بیرکردنەوەیەکی دیکەی جیاواز و دواخراو دەنوێنن! لەرەوە زمان وەك کردە و زمان وەك کار، دوو دامەزراوەی جیاوازی بیرکردنەوە بەرهەمۆیان دەبات، دوو دنیابینی جیاواز… یەکەمیان شارەزایی وەك ئەزموونی مەژووی وەسف دەکاتەوە، دووەمیان شارەزایی بەردەوام وەك کردەی ساتەوەختی نمایانکردنی ئەستای ژیان بەرجەستە دەکات.
دواجار (شارەزایی) ئەو چرکەساتەيە، کە مرۆڤ تێيدا دەژی! شارەزایی بریتيیە لە کردەی ئاگایی، نەك ئاگایی کار. بەو مانایەش شارەزایی کردەیەکی ئەنتەلەژيیە، نەك بابەتی ئەنتەلەژیا بێت.
کەواتە کاتەك بە (بەدوای دەی هەموان) دەکەوین، شارەزایی دەبێتە بابەتی ئاگایی. بەڵام (دە شکان…) بریتيیە لە کردەی ئاگایی! یەکەمیان کاری مەژووی ژیان بیر دەخاتەوە، دووەمیان بەردەوام کردەی ئەستای ژیان دادەهێنێتەوە. دەتوانین یەکەمیان دەرك بکەین، بەڵام دووەمیان دەکەوێتە دەرەوەی دەرککردنەوە، یەکەمیان بیرکردنەوەیەکی نەگۆ دەسپێنە و دووەمیان گشتاو…

کەنتەڵکردن/ ڕزگاری
لەنەوان بیرکردنەوەی گشتاو نەگۆ، بەردەوامی و ساتەوەخت، کار و کردە… زمان بەشەویەکی ئاسایی هەناسە دەدات… وەك چۆن لە پێوەندی نەوان سایکەلەژیا و ئەنتەلەژیا، هەسا و پراکتيك، فيکر و جەستە، هەڵسوکەوت و کردار… دەنگدانەوەی هەڵوەستی نەرێنی خەی درێژ دەکاتەوە، چوونکە زمان هەميشە زێتر لە زانینەك و زێتر لە ئامرازێکی پێوەندیکردن بووە، زمان هەميشە بوارێکی جیاوازی خەبات کە تێيدا هەم چەمکەکانی دەسەڵات داڕژراون، هەم پێکهاتە کۆمەڵایەتيیەکان چەسپاون، بەو مانایەش زمان لەلایەك وەك کۆنترۆڵکردن بەکاردەهێنرێت و لەلایەکی دیکە وەك هەشیاری ڕەخنەیی دەتوانێت ڕزگاربوون بێت لەم زاڵبوونە.
هەبەتە ئەمە زانستی زمان جەخت لەوە دەکاتەوە، کە زمان بەلایەن نيیە، بەڵکە لەنەو خۆيدا هەگری کۆمەڵەك بازنەی تێگەيشتنی جیاوازە، هەگری سيستەمێکی ئایدیەلەژيیە، کە پێوەندیيەکانی دەسەڵات لەنەو کۆمەڵگادا دەچەسپێنێت. (نەرمان فەرکلیف) دەڵێ دامەزراوە گەورەکان، چ سياسی، میدیایی، یان ئابووریی، بە داشتنی تەوانینە گشتيیەکانیان پشت بە گوتار دەبەستن و ئاراستەکردنی تاکەکان بەرەو پێگەی تایبەت دەبن. بە نموونە، شێوازی گشتاوی

یاساکان یان هەواڵەکان تەنها هەڵبژاردنی زمانەوانی نییە، بەڵکە پرسیارێکە بە ئەنقەست بە بەرهەمهێنانی واقیعێکی دیاریکراو، کە خزمەت بە بەرژەوەندیی هێندێک هێز دەکات. نەرمان فەرکلیف پێیوایە وشەکانی گوتار تەنیا قسەکردن یان نووسراو نییە، بەڵکە سیستەمێکی ئاماژە کە پێیوانەدیێ کۆمەڵایەتی و ئابووریێکان بەرهەم دەهێنەتەوە. لەڕێگای شیکردنەوەی دەقە جۆراوجۆرەکانەوە ئاشکرای دەکات، کە چۆن زمان بەکاردەهێنرێت بۆ سەپاندنی شەرعیەت بەسەر هێندێک پراکتیکدا، لە هەمان کاتدا هێندێکی دیکە پەراوێز دەخات… بۆ نموونە: لە گوتاری سیاسیدا، زاراوە بۆ ئاراستەکردنی ڕای گشتی بەکاردەهێنرێت، کە وشەی وەک (چاکسازی) لەبری (خەپاندن) و (سەقامگیری) لەبری (کەرتکردنەوە)… بەکاردەهێنرێت، ئەوەش ڕێگاکە دەگۆڕێت… لەوەوە نەرمان فەرکلیف گرنگی بە کاریگەری گۆڕانکاریێ کۆمەڵایەتی و تەکنەلۆژیێکان لەسەر زمان دەدات، چوونکە میدیای نوێ و پێیوەندیی دیجیتاڵی دەبنە گۆڕەپانێکی نوێ بۆ بەرهەمهێنانەوەی دەسەڵات… لە سەردەمی دیجیتاڵیدا گوتار لە نوخبە نەریتییەکاندا بە سنووردارێ نەماوەتەوە، بەڵکە بووەتە بوارێکی گشتیی کە گۆڕانەوەی جیاواز کێبەکێی تێدا دەکات… بە زێتر شارەزایی بۆوانە: نەرمان فەرکلیف- کتێبی (اللغة والسلطة) وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە بە زمانی عەرەبی (محەمەد عنانی- 2016- قاهیرە).

لێرەدا پرسیاری بنچینەیی ئەوەیە: ئایا دەتوانین خەمان لە هەژموونی زمانەوانی ڕزگار بکەین، یان زمان هەمیشە بە ئاشتی لە دەستی دەسەڵاتدا دەمێنێتەوە؟! وەڵامەکە ئەوەیە، کە زمان بوونێکی تەبەکارانەی نییە، بەڵکە فەزایەکی گۆڕاوە، کە دەتوانرێت بەپێی ئەو ئاگایی-هۆشیاریە ڕەخنەییە گۆڕاوەی کە هەیگرتووە، دووبارە دابەژرێتەوە. بەمجۆرە توانای شیکردنەوەی گوتار دەبێتە جۆرێك لە (تێگەیشتن) لەوەی نەک تەنها بە تێگەیشتن لە شارەزایی ئەزموونکردنی ژیان، یان جیهانی دەوروبەرمان، بەڵکە بەشداریکردنە لە ساتەوەختی ئاگایی ژیان و ئەو شارەزاییەش گرنگی خەی لە گۆڕانکارییدا دەبینێتەوە.

بازنەی لەژیکی/ بازنەی تێگەیشتن

(ئاسمان ساماڵی) بازنەی تێگەیشتن لەو وێنەیە، بە ڕاستییەکی دیاری کراو دەمانبات، چوونکە وێنەی دەخێکی تایبەتی کەش و هەوایە… لەلایەکی دیکە ئاسەیی و فرە ڕەهەندە… بە بەچوونی (ڤیتگنشتاین) بازنەی تێگەیشتنی (زمانەوانی) پێیوەندی وێنەییەکی شیمانەیی زمانە، بە نیگارکێشراوەکانی جیهانەوە… بە دیوەکەی دیکە ئەو

تێگەیشتنێ پەیوەندییەکی دڕاوکی و ناوکی هەیە.. بەڵام تێگەیشتنی بازنەی (لۆژیکی) زمانمان بۆ شۆڕشێك بۆ دادەڕێژێت، کە دژواری دەکەونە دڕاوەی زمان و دڕاوەی نیگارکێشراوەکانی جیهان و دڕاوەی شیمانەییەوە…
بازنەی تێگەیشتن لە وێنەی کێشراوی (ئاسمان ساماڵ) پانتاییەکی دڕاوکی و ناوکی بڕفراوان و شیاو و جیاوازی هەیە، لە بازنەی لۆژیکیدا کورت ناکرێتەوە، چوونکە (بازنەی تێگەیشتن) لە لۆژیکدا بەس نییە، ئێگەرچی پێویستە! بازنەی تێگەیشتنی لۆژیکی زنجیرەییە، بۆ نموونە، تێگەیشتن لە ژمارە یەکەوە بۆ پێنج، ئێگەر ژمارە سێ وەن بێ، تێگەیشتن لە ژمارە پێنج لە ژمارە سێ دەوەستێ… کەواتە ئێگەرچی ژمارە سێ پێویستە بەڵام بۆ تێگەیشتن لە ژمارە پێنج بەس نییە!! کەواتە پرسەی تێگەیشتنی لۆژیکی زنجیرەییە، یەکەم دەماندات دەستی دووەم و دووەم سێیەم… بەڵام تێگەیشتن لە زماندا ئاسییە… لە بازنەی تێگەیشتنی زنجیرەیی لۆژیکی، ناشێ لۆژیك تێپەڕێنین، چوونکە لەو حاڵەتدا خودی لۆژیك بۆ مانا دەکەوێتەوە! بەڵام بازنەی تێگەیشتنی ئاسایی، بریتییە لە دڕککردنی عەقڵی ئەویدیکە… ئەو شۆڕیە لە دڕککردن لای ڤیتگنشتاین پێشخستنی بیرکەی یارییە زمانەوانییەکانی لەدەکەوێتەوە، وەك ئەوەی زمان یارییەکی کراوەبێ لەگەڵ جیهانێکی فرە هەنددا…

ڤیتگنشتاین و میرلۆ پۆنتی
(مەریس مەرلۆ- پۆنتی) و (لەدڤیك جەزەف یەهان ڤێتگنشتاین) لە گرنگترین فەیلەسوفانی سەدەی بیستەم دژمەردرێن، هەرچەندە بۆشۆڕیەکی گشتی پێچەوانەی یەکترن، بەڵام لێکچوونێکی زۆریان لە نەوانیاندا هەیە، چوونکە هەردووکیان وێنەی کاتێریی عەقڵ و دڕوون تەدەپێنن! قسەکردن لەسەر وێنەی کارتێریانەی عەقڵ و دڕوون، قسەکردنە لە هەڵەك، کە لە جێستە و جێستەی زماندا شاراوەتەوە، دڕئەنجامەکانی ئەو کارەش یەکخستنی جێستە و دڕوونە، لە فۆرمێکی هاوبەشی ژیاندا.
مەرلۆ- پۆنتی کار لەسەر چەمکی ئەزموون دەکات، لە کاتێکدا ڤیتگنشتاین سەرنجی لەسەر هەڤتاری زمانەوانی تەخ دەکاتەوە، کە بیرکە بەناوبانگەکەی لەبارەی یارییە زمانییەکانی لەسەر دامەزراندووە! بەم شۆڕیە حەزکردنی ڤیتگنشتاین بە زمان زیاتر لە هەما و پێکهاتەیەك لەخەدگرت، بەڵام چەمکی ئەزموونی میرلۆپۆنتی تەنیا لەڕگای نیشتجێبوونەوە بەردەستە- بە میرلۆپۆنتی ئەزموون واتە جێستە واتە جیهان- ژیان، جیهان وەك چۆن ئەزموونی دەکەین و کارلێکی لەگەڵدا دەکەین… لە کتێبی (المرئي واللامرئي)

جیهانناسی میرلە-پەنتی لەگای جستەو قسەی لەکراو، ئەو کارلەکی جیهان و جستە هەدنەت، بە هەمان کارکردنی فینەمینەلەژیستەکان بنەمایەك بە درککردن لەگای جستەو دادەمزرێنن، پێوایە ئەو جستەیە بیردەکاتەو! بەو مانایش ئەزموونی مرۆڤ بە ئەزموونی جستەو گرە دەدات...

بەڵام بوون بە ڤیتکنشتاین واتە زمان و زمان واتە بوون- ژیان... ئەوەش بەو مانایە نییە، کە جیهان بوونی نییە، یان ئەزموون گرنگ نییە، بەڵکە بەو مانایەی کە هەموو ئەو شتانەی ئەزموونی دەکەین و بیری لەدەکەینەوە، تەیدەگەین، بە بونیادی زماندا گوزەر دەکات، لە دەرەوەی زمان هیچ مانایەك نییە، بۆیە هەموو هەوڵەك بە تێگەیشتن لە مانا، لەکدانەوەی هەر دۆقەك لە زنجیرە بکەتایەکانی دۆقدا ئاماژە بە دۆقەکی دیکە دەکات...

کەواتە بوونی مرۆیی بە زمانەوە بەندە، یان وەك (ژاك دریدا) لە (في علم الكتابة)دا دەڵێت: ئەمە لە جیهانی مانا جێگیرکاندا ناژین، بەڵکە لە جیهانی بەردەوامی مانا دواخراوکاندا دەژین!... بەمجۆرە هەر یەك لە میرلەپەنتی و ڤیتکنشتاین قسە لەسەر پەویستی هەوەشانەوە و دواخستنی مانا و وێنە جێگیرکانی جیهانی زمان و وێنەی شەواوکانی ئەو شوێنە دەکەن، کە ئەمەی تێدایە! واتە لەکەینەوە لە دیاردەی هەوەشانەوە و دواخستنی هەژانەیی و گەڕانکاریەکان دەکەن...

مەرلە-پەنتی نوێنەرایەتی چوارچێوەی بیرکردنەوەی بابەتی دەکات، بەو مانایەی کە چەمکی جیهان وەك بچووککراوە بە بنەڕەتیترین ئەتەمکانی تەماشا بکەین، کە لە پەیوەندییە هەکارکاندا لەگەڵ یەکتردا ڕیزکراون، ئەوەش دەبێتە تێگەیشتنی دوو هەوەست بە دوو ڕاڤەتی دژ بەیەک: یەکەمیان ئەزموونگەریی، کە پێوایە ئاگایی-هەشیاری تەنیا یەکەکە لە شتەکانی جیهان و بوونکی فیزیکی هەیە و دەتوانرێت بچووک بکرێتەوە بە ئەتەمە بنەڕەتییەکانی و ڕەفتارکانی بەپێی یاسا ڕوون بکرێتەوە... دووەمیان ڕەشنبیریی کە پێوایە ئەوە ئاگایی-هەشیاریی جیهان و جیاوازییەکانی پێکدەهێنێت. ئەوەش ئەو وێنەیەیە کە لەلایەن کارەکانی ڤیتگنشتاینەوە هەوەی هەوەشانەوە و دواخستنی دەدرێت... چوونکە ڤیتکنشتاین قسە لە جیهانی زمان دەکات، بەو مانایەی کە زمان خودی ئاگایی-هەشیاریی، ئەوە زمانە جیاوازییەکان و بەکارهێنانە جیاوازەکان نیشان دەداتەوە. کەواتە هەر لەگای زمانەوە مرۆڤ هەست بە بوون و هەبوونی خۆی و دنیا دەکات، بەردەوام خۆی دەناسێت و دنیا ناس دەکاتەوە.

لەو تێگەیشتنەوە مرۆڤ بە وشە بیردەکاتەوە، بۆیە لای ڤیتکنشتاین خودی زمان ئەو یارییەیە، کە ئەزموونی هەستیاری بە ئاگایی-هەشیاری

و ئەزموونی ئاگایی-هۆشیاری بە تێگەیشتنی جیاواز دەگۆڕێت... بەو مانایەش سیاقی کۆمەڵایەتی و کردەی عەقڵی لەکجیا دەکاتەوە و پێیوایە هاڤکردنی مانای زمانەوانی بە سیاقە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەندە، نەك بە کردەی دەروونی و عەقڵییەوە! چوونکە کردەی دەروونی و عەقڵی پشتگیری لە هاڤکردنی مانا زمانەوانییەکانی ناکات، بەڵکە پشتگیری لە مانای دەستەواژەکان دەکات... کەواتە ئەگەر بشە ناو لە ژیانی (نیشانە- علامات)کان بنێین، دەبە لە بەکارهێنانە جیاوازەکانەوە (سیاقە کۆمەڵایەتییەکان) دەستپێبکەین... هتد و هاست ئەوەیە کە خەڵك دەیڵێن، خەڵك لەسەر ئەو تێگەیشتنە پێکهاتوون، کە بەکاری دەهێنن، هەبەتە ئەو گونجانە مەرج نییە بە بیروڕاوە بنەد بە، بەڵکە شەوێکی ژیانی بێکەوە گونجاوی زمان و خەڵکە...

ڤیتگنشتاین/ بەردیە

بەشێکی گەورەی جەکەوتەی فیکری ڤیتگنشتاین لەسەر زانستە کۆمەڵایەتییەکان، بە تێگەیشتن لە ڕەفتار و کردار و وەناکردنیان لە پرسیسکردنە کۆمەڵایەتییەکان و بە تێگەیشتن لە کار و مانا و تێگەیشتن لە زمان وەك تێگەیشتن لە ژیان و بەدواداچوونی ڕەخنەییانە لە چەمکی بنەما و مانا و بە پێناوکردنی بونیادی زمانەوانی دەگۆڕێتەوە. لای ڤیتگنشتاین بنەمای بوونی مرۆڤ لە زمانەوێیە، هەموو جیهانی بوون لە پانتایی بنەماکانی زماندا دەسوڕێتەوە.

لەڕەوە تێگەیشتن لە دنیا، تێگەیشتنە لە کردەی ئاگایانەی زمان، تێگەیشتنە لە بنەمای زمان... هاڤکردنی بنەماکانی مانای زمانەوانیش بە سیاقە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەند دەکات، نەك بە کردەی دەروونی و عەقڵییەوە! هەبەتە وەك گوتمان لەگەڵ میرلەپانتی لە کردەی زەینی و کردەی جەستەیی بێیەك دەگەن، چوونکە وەك میرلەپانتی دەڵێ بیرکردنەوە لە دەڕەوەی جەستە بوونی نییە، لای ڤیتگنشتاینیش بیرکردنەوە لە دەڕەوەی بونیادی زمان بوونی نییە، ئەوەش جیاوازی نەوان کردەی زەینی و کردەی جەستەیی، چوونکە هەنگاو لەبارەی شتکەوە بیربکەیتەوە کە بوونی ماددی نەبەت، بەڵام هەتا لە خەیاڵکردنیشدا هەمیشە بابەتەك بە بیرکردنەوە هەیە!

لە کردەی جەستەییدا هەمیشە بوونی ماددی پێویستە، چوونکە هەمیشە جەستە مامەڵەگەڵ جەستەدا دەکات. ئەو دیدە پێچەوانەی کۆجیتۆی (ڕینیە دیکارت) وەستاوە، چوونکە ئەو پێیوابوو عەقڵ جەوهەرێکی سەربەخۆیە و جیاوازە لە ئاگایی... بەڵام پرسیار ئەوەیە، ئایا عەقڵی هووتی (ئایدیالییەکان) دەتوانە لەوەی بیری لەدەکاتەوە، جیا بکرێتەوە؟ بە دیوەکەی دیکە ئەو بیرکردنەوە دژ بە (نامین و

فینەمین- ڕاستی وەك ئاوی هەیە و ڕاستی وەك ئاوی دەردەکەوێت)ی (ئیمانوێل کانت)یش وەستاوە.
لەڕوە (پییر بۆردیە) بیرکردنەوەی ڤیتکنشتاین لە بارەی تێگەیشتن لە بنەمای زمان، لە تێگەیشتن لە ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان تێڕیزە دەکاتەوە، بەو مانایەش وەك چۆن زمان بە بەوای ڤیتگنشتاین دەخێکی دەروونی و عەقڵی نییە، کە واقیع وێنا بکاتەوە، بەڵکە دەخێکی کۆمەڵایەتی هەیە. بۆردیەش پێیوایە پراکتیزە کۆمەڵایەتییەکان دەرئەنجامی پرۆسەی دەروونی و عەقڵی نین، بەڵکە هەمیشە ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان لەڕێگای شێوازی بەکارهێنانەوە پشتڕاست دەکرێنەوە.
کەواتە ئەو وێنە دەروونی و عەقڵییەی دەتوانێت وەك پاوەرێك خزمەتی دەخە کۆمەڵایەتییەکان بکات، شتێکی بەمانایە! وەك دەزانین پەیوانەکردنی یاساکانیش لەسەر بنەمای کەدەنگی دامەزراوە. بەیە ڤیتکنشتاین دەڵێت: ڕاست و هەڵە ئاوێیە کە مرۆڤ دەیڵێت؛ مرۆڤەکان لەسەر ئەو زمانەی کە بەکاریدەهێنن ڕێکدەکەون. ئاوەش کەدەنگی بەچوونەکان نییە، بەڵکو کەدەنگییە لە فەرمەکی ژیاندا. (مجلة حكمة: بوردیو قارئاً فتغنشتاين- د. حسن احجيج، مترجم وأكاديمي مغربي- 20/11/2016- ئینتەرنێت).
هەبەتە یەکێك لە داهێنراوەکانی بۆردیە چەمکی (هابیتوس)ە، وەك خودێکی بەرجەستەکراو، کە لە جەستە پێکهاتووە، ئاگرچی لە گریمانە دەروونییەکانیش پێکهاتووە، بەڵام لە کەی ئەو شتە دەروونییانەی کە دەکەونە دەرەوەی مەبەست و نائاگایی و عەقڵی پێتییەوە! بەو مانایەش دەروونی لەبیرکراو بەشێکە لە هۆشیاریی هابیتەس، هابیتەس ئاگایی-هۆشیارییەکی نائیرادییە و تەعبیر لە جۆرێک ئازادیی نائاگایی یان نیمچە هۆشیاری دەکات، لەوشەوە (مرۆڤەکان) بەهەی لەبیرچوونەوەیان پێیانوایە بنەمای تەوانینەکانیان بە کەمێگا سرووشتی دەکەوتەوە. لەڕوە بۆردیە دەڵێت: بەیاری باوەکردن ناتوانێت سەرکەوتوو بێت، مەگەر بەیاری لەبیرکردنی لەگەڵدا نەبێت… بەوانە: (ه.س.پ).
بەڵام دواجار بۆردیە ئەو چەمکەی هەڵوەشاندەوە، ئەو چەمکەی کە ڕاستەوخۆ پشت بە کردارە دەروونییەکان دەبەستن، ئەو کردارانەی کە لانەو سەری (تاکەکان)دا ڕووددەن و بەڕەو ئامانجە عەقڵانییەکان دەکرێنەوە و لەلایەن بوونە دەروونییەکان وەك ڕاساکان، یان سوودمەندییەوە کەنتڕۆڵ دەکرێن، بەو مانایە چەمکی هابیتەس وەرچەرخانە لە کردەوەی مەبەستدارەوە بە یاسا و ستاندارد کۆمەڵایەتییە لەبیرکراوەکان، داننانە بەوەی کە ڕەفتارەکان وەك وشەکان نازانن چی دەکەن، نازانن ئەوەی دەیکەن مانای زیاتری هەیە،

لەوی دەیزانن (ه.س.پ).
لەرەو دەگەینە ئەوەی وەك چۆن بنەمایەکی زاڵ نییە، کە پراکتیکی زمانەوانی بەسەر بابەتە پراکتیکە کۆمەڵایەتییەکانیشدا بنەمایەکی هەبێت: چی دەکەین یان چی دەڵێین نییە. ئیتر بەردیە تیۆرییەکانەوە بەدوای بنەمایەکی هاوبەشدا بگەڕێت، کە توانای ڕوونکردنەوەی هەڤتارە کۆمەڵایەتییەکانی هەبێت. وەك چۆن ڤیتگنشتاین جگە لە پراکتیک هیچی دیکەی بە پاساوهێنانەوە بە مانا و حوکمەانی زمان نادەزییەوە، بە هەمان شێوەش بەردیە جگە لە پراکتیک هیچی دیکەی بە پاساوهێنانەوە وەك زەمینەیەکی تەکمە کە لەسەر بنەمای ڕوونکردنەوەیەکی گونجاو، بشێ ژیانی کۆمەڵایەتی بونیاد بنرێت، نادەزییەوە. بەو مانایەش ژیان پاساوی نییە.
کەواتە پراکتیک دەکەوێتە دەرەوەی پاساوهێنانەوە و مەبەستێکی دیاریکراوەوە یان عەقڵانییەتێکی تایبەتمەندەوە. بەکە پراکتیک سازشکی بەردەوامە لەنێوان بواری کۆمەڵایەتی و هاپێتسدا… لەرەوە پراکتیک بریتییە لە تێگەیشتن لە لۆژیکی هەموو کردارە عەقڵانییەکان بەبێ ئەوەی بەرهەمی پلانکی بیرلێکراوەی پاساودار و مەبەستدار بێت، یان وردتر حیساباتی عەقڵانی بە بکرێت؛ بەبێ ئەوەی لە مەبەستکی یەکگرتوویی و لە بیارکی هۆشیارەوە سەرچاوە بگرێت؛ بەکە ئەو کردارانەن کە لەگەڵ دواخستن و داهاتوودا دەگونجێن، بەبێ ئەوەی بەرهەمی پڕۆژەیەک، یان پلانێک بن. لەرەوە ڕەتکردنەوەی چەمکی جەوهەریی بنەمای هەها لای بەردیە ڕەتکردنەوەی ئەنترپۆلۆژی و نەرمی ئەرتەدەکسیە، کە هەمیشە لە پراکتیزە کۆمەڵایەتییەکاندا شکست دەهێنێت.

هەولێر 31/7/2025
عەبدولموتەلیب عەبدوڵا

بیرکردنەوەی ڕەخنەیی لە فەلسەفەدا وەک ئامرازێک بۆ

بەردەوامبوونی داهێنان و گۆڕپەدان.. و. لە عەرەبیەوە: یاسین لەتیف

نووسینی: د. زهیر الخویلدی

(خەیاڵ لاسایی دەکاتەوە ، ڕاستی ڕاخنەگرانەش داهێنان بەرجەستە دەکات) – ئەسکار وایلد

ڕابیرکردنەوەی ڕاخنەیی پایەیەکی بنەڕەتیە لە فەلسەفەدا، تیشک دەخاتە سەر شیکاری سیستماتیکی و عەقڵانی بیرکە و بیروباوەڕە و ئارگیومێنتەکان بە گەیشتن بە ئەنجام گەلێکی دراسەکراو . بیرکردنەوەی ڕاخنەیی شیکاری تەدەپەڕێنت و ئامانجی ئەوەیە ئارگیومێنتەکان هەڵسەنگێنێت و لایەنگری ئاشکرا بکات . بەهێز کردنی پرسارەکان و بەردەوامیپێدان سەبارەت بە ڕاستی و مەعریفە لێم سەردەمی هاوچەرخماندا، لەگەڵ زیادبوونی زانیاری چەواشەکارانەی میدیا و ئاڵوگۆڕی تەکنەلۆژی و ئاڵانگاری ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی . بیرکردنەوەی ڕاخنەیی بووەتە ئامرازێکی زیندوی ئاوات و ئامانجی فەلسەفە بە داشتنی هۆشیاریەکی بەکۆمەڵ و دادپەروەر و ڕاشنگەر. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئاشکراکردنی بیرکردنەوەی ڕاخنەیە وەکو میتۆدێکی فەلسەفی ئامانجدار ، لە ڕوگەی بنەما تیۆرەکان و گۆشەسەندنی مۆژوویی و ڕۆڵی لە ووبەووبوونەوەی ئاڵانگاریەکانی هاوچەرخدا، ئاوێش بە گرنگیدان بە چەنیەتی بەشداریکردن لە بەرزکردنەوەو چاکسازی لە تەگەیشتن و بەرپرسیارێتی فیکری.

بنەما فەلسەفیەکانی بیری ڕاخنەیی

بیرکردنەوەی ڕاخنەیی لەسەر بنەماکانی عەقڵانیەت و لۆژیک و پرسیارکردنی سیستماتیک دامەزراوە. یەکێک لە چەمکە سەرەکیەکان "شیکاری لۆژیکی"یە، کە گرنگی بە هەڵسەنگاندنی ئارگیومێنتەکان دەدات بە پشتبەستن بە هەزی لۆژیکی و دروستی پێشمەرجەکانیان.ئەرستۆ لە ساڵی (٣٨٤-٣٢٢ پێش زایین) لە ڕوگەی کتێبەکەی ئۆرگانۆنەوە بناغەکانی لۆژیکی وەنەیی (فەرمالی) بەرجەستە کردووە، کە یاسا دروستەکانی ئیستدلالکردنی داناوە ، هەروەها لە سەردەمی نوێدا فەیلەسوفانی وەک جۆن دیوی (١٨٥٩-١٩٥٢) چەمکی " تەئامانی بیرکردنەوە "یان پەرەپێدا کە تیشک دەخاتە سەر

پرسیارکردنی بەردەوام و چارەسەرکردنی کێشەکان لەسەر بنەمای شیکار و ئەزموون. چەمکێکی دیکەی گرنگ بریتییە لە "ڕەخنەگرتن لە خود" کە داوای گومانکردن لە بیروباوەڕە کۆسپەکان وگریمانەکان دەکات. ئیمانوێل کانت (١٧٢٤-١٨٠٤) پێیوابوو کە بیرکردنەوەی ڕەخنەیی پێویستی بە "بوێری مەعریفە" هەیە واتە بەکارهێنانی عەقڵ بە شێوەیەکی سەربەخۆ بە ئامانگاری بیرکە پشوختەکان. هەروەها بیرکردنەوەی ڕەخنەیی جەخت لەسەر ئاشکراکردنی لایەنگریەکانی مەعریفە دەکاتەوە . وەکو لایەنگری پشتڕاستکردنەوە کەوا دەکات تاکەکان تەنها ئەو زانیارییانە قبوڵ بکەن کە لەگەڵ بیروباوەڕەکانی پشووپاندا هاوتەریبن.

گەشەسەندنی مێژوویی بیری ڕەخنەیی

بیری ڕەخنەیی ڕەگ و ڕیشەی لە نەریتە فەلسەفییە کۆنەکاندا داکوتاوە. لە یۆنانی کۆندا سوکرات (٤٧٠-٣٩٩ پ.ز) شێوازی پرسیارکردنی ڕەخنەیی بەکارهێناوە، داوای لە دیبەیتکەران کرد لە ڕەگەی پرسیاری یەک لە دوای یەکەوە ناکۆکی بیروباوەڕەکانیان ئاشکرا بکەن . لە سەدەکانی ناوەڕاستیشدا فەیلەسوفەکانی وەک تۆماس ئەکوینی (١٢٢٥-١٢٧٤) سەرنجیان لەسەر ئاشتکردنەوەی عەقڵ و ئیمان بوو کە بەشداری کرد لە پەرەسەندنی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی لە چوارچێوەی ئایندا. لەگەڵ سەردەمی ڕەشنگەری بیرکردنەوەی ڕەخنەیی بوو بە ئامرازێکی ناوەند بە ئامانگاری دەسەڵاتە نەریتیەکان. کانت لە کتێبی (ڕەخنە گردن لە عەقڵی پاک) چوارچێوەیەکی بە پشکنینی سنووری زانستی مرۆڤ داڕشت ، هەروەها جەختیکردەوە لەسەر گرنگی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لە بنیاتنانی مەعریفەدا . لە سەدەی بیستەم قوتابخانەی فرانکفۆرت پێیانوابوو سەرکایەتی ماکس هۆرکهایمەر و تیەدۆر ئەدۆرنۆ . تیۆری ڕەخنەیی سەرنجی لەسەر ڕەخنەگرتن لە ئایدۆلۆژیا و دەسەڵات بوو، بازنەی بیری ڕەخنەیی فراوانترکرد تاکو پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانیشی گردەوە . لە دیکانی ئابردوودا پشکۆتنکانی پۆرۆردە و دەروونناسی بەشداریان کردووە لە قوبونەوەی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی. فەیلەسوفانی وەک (ڕیچارد بول و جۆن دیوی) سەرنجیان لەسەر پراکتیک کردنی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی بوو لە مێژ پۆرۆردە ئەوان ئاماژیاندا بە گرنگی پشخستنی بیرکردنەوەی سەربەخۆ و دیموکراسی.

بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و ئامانگاری هاوچەرخ

لە سەردەمی هاوچەرخدا بیرکردنەوەی ڕەخنەیی ووبەووی ئاستەنگ دەبێتەوە کە لە ئەنجامی چەواشەکاری میدیا و تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی

و ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتیەکانەوە سەرهەڵدان . یەکێک لە ئاستەنگە سەرەکییەکان زانیاری هەڵەیە لە فەزای دیجیتاڵیدا لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵی ساختە لە پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیادا . بیرکردنەوەی ڕەخنەیی دەبێتە ئامرازێکی پێویست بۆ هەڵسەنگاندنی متمانەپێکراوی زانیاری . فەیلەسوفانی وەک (لوسیانۆ فلۆریدی) پێشنیاری بەکارهێنانی ئەخلاقی زانیاری دەکەن بۆ پەروەردەکردنی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لە فەزای دیجیتاڵی لە چوارچێوەی زیرەکی دەستکرددا . بیرکردنەوەی ڕەخنەیی ووبڵووی ئاستەنگ دەبێتەوە کە پێویستە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو بڕیارانەوە کە لایەن ئامێرەکانەوە دەدرێن بۆ نموونە چۆن تاکەکان دەتوانن بڕهەمەکانی زیرەکی دەستکرد هەڵسەنگێنن ئەگەر پشت بە خوارزمیاتە (ئەلگۆریتمەکان) ناشفافەکان ببەستێت؟ . فەیلەسوفانی وەک (نیک بۆستڕۆم)دەڵێن بیرکردنەوەی ڕەخنەیی پێویستە بۆ تێگەیشتن لەو مەترسییە بوونگەرایانەی کە زیرەکی دەستکردی پێشکەوتوو دروستی دەکەن لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتیدا، بیرکردنەوەی ڕەخنەیی بەشدارە لە ووبڵووبوونەوەی لایەنگریە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان،
و بۆ نموونە تیۆری ڕەگەزی ڕەخنەیی ئامرازەکانی بیری ڕەخنەیی بەکاردەهێنێت بۆ شیکردنەوەی جیاکاری ڕەگەزی و پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان وەک لە کارەکانی کیمبەرلێی کرێنشاولەسەرئینتەرسێکشناڵیتی(التقاطعية) یان یەکتربڕەکان .

بیری ڕەخنەیی و خواستەکانی بیری فەلسەفی

بیرکردنەوەی ڕەخنەیی لە ڕەگەزی دابینکردنی ئامرازەکانەوە بەشدارە لە بەدیهێنانی خواستەکانی فەلسەفە بۆ شیکردنەوەی بیرکەکان و بڕوپشتبردنی بڕپرسیارێتی فیکری ، لە کارلێکی لەگەڵ ئیپستمۆلۆژیا (لە هەڵسەنگاندنی مەعریفە) و ئیتیک (لە شیکردنەوەی بەیار ئەخلاقیەکان) و بیری کۆمەڵایەتی ڕەخنەگرانە (لە ڕەخنەی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان) . ئەم بیرکردنەوە چوارچێوەیەکی نەرم و نیان دابین دەکات بۆ چارەسەرکردنی ئاستەنگە هاوچەرخەکان ، بۆ نموونە یارمەتی پەرەپێدانی ئەخلاقی زانیاری دەدات لە ڕەگەزی هەڵسەنگاندنی داتا متمانەپێکراوەکان بۆ پێشخستنی بیرکردنەوەی سەربەخۆ لە پەروەردەدا ، جگە لەوەش بیری ڕەخنەیی تەحەدای فەلسەفە دەکات کە زیاتر پێویست بێت بە واقیعی بژێوییەوە ،جا چ بە ووبڵووبوونەوەی چەواشەکاری میدیایی بێت یان پێشخستنی گفتوگۆی دیموکراسی ، ئەمە بانگهێشتکە بۆ بیرکردنەوە لە فەلسەفە وەک پراکتیکێکی زیندوو کە ئامانجی ئەوەیە تاکەکان بتوانن لە جیهانێکی ئاڵۆزدا بەیاری ڕەشنگیری بدەن (ئەنجام)

بیرکردنەوەی ڕەخنەیی وەک پایەی بنەڕەتی فەلسەفەی هاوچەرخ دەمێنێتەوە و ئەو ئامرازکەران دابین دەکات بۆ شیکردنەوەی بیرکەرەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگە فیکری و کۆمەڵایەتییەکان ، لە سەکراتەوە تا کانت و هێرکهایمەر، ئەم بیرکردنەوە پڕەی سەندووە بۆ ئەوەی بڕەوەووی ئاڵانگارییەکانی ئەم سەردەمە ببێتەوە، لە چەواشەکاری میدیاوە تا زیرەکی دەستکرد و دادپڕوەری کۆمەڵایەتی . لە ڕووگەی ئەم باسەوە بەمان دەردەکەوێت کە بیرکردنەوەی ڕەخنەیی تەنها ئامرازێکی شیکاری نییە، بەڵکو میتۆدێکی داهێنرانەیە کە بەشداری لە خواستەکانی فەلسەفەدا دەکات . دواجار ئاراستەکردنی بڕەو بنیاتنانی هۆشیارییەکی دادپەروەرانەی بەکۆمەڵ و ڕەشنگەر . چۆن دەتوانرێت بیرکردنەوەی ڕەخنەیی لە فەلسەفەدا بە شێوەیەک پراکتیزە بکرێت کە سوودی بە مرۆڤایەتی هەبێت؟ .

ن . د زهیر الخویلدی بڕواری ۲۸/ ۸/ ۲۰۲۵
سەرچاوە … سایتی انفاس نت

ژیانی پەناهەندەی عیراقی لە ڕمانکدا.. ئەردەڵان عەبدوڵا

خوێندنەوەیەک بۆ ڕمانی(عیراقییەک لە پاریس) ی سامول شمعون

ئەردەڵان عەبدوڵا

یەکێک لە ڕمانەووسە جوانەکانی عیراق(سامول شمعون)، ئەم نووسەرە عیراقییە کە مەسیحییە و ماوەی چەندین ساڵە لە فەرەنسا دەژی، دەچێتە قاڵبی ئەو ڕمانەووسە عیراقییانەی، کە بە(ڕمانەووسی نوێی عیراق) وەسف دەکرێن. یەکێک لە کارە جوانەکانی، ڕمانی (عیراقییەک لە پاریس) ، کە لە ساڵی 2005 لە بەیروت چاپ بووە، ئەم ڕمانە بە زەربەی زمانە جیهانییەکان وەرگێڕدراوە و (سەباح ئیسماعیل)، کردوویەتی بە کوردی و ناوەندی ڕەشنبیریی و هونەریی ئەندێشە، ساڵی 2014 چاپی کردووە.

بەداخەوە ژیانی گەلانی عیراق، هاتنی بەعسییەکان و سەدانی حوکمەانی (سەدام حسەن)، بووە هەی ئەوەی بەشکی زۆری خەکی بگشتی و گەنجان بەتایبەتی، وەات بەجبهەەن و ئاوارەی وەاتانی جیهان بن. لەمشدا ژیانی پەنابەرانی عیراق، هیچ جیاوازی لەگەڵ گەلانی تر نەبووە و پەیەتی لە حیکایەتی تراژیدیی. خەشبەختانە ئەستا، بەشکی زۆری رەماننووسە عیراقییەکان، لە رەگەی رەمانکانیانەوە، توانیوویانە، بەشک لەو حیکایەتە زۆرانەی پەنابەرانی عیراقی بگەنەوە.

لە نامەیەکدا نووسەر بە وەرگەڕەی کتبەکە، کە لە سەرەتای کتبەکەدا بەاوکراوەتەوە، لەبارەی رەمانکەوە دەڵت:

«لەت پرسیوم داخە(عیراقییەك لە پاریس) ژیانامەیە، یاخود زادەی خەیاڵە؟ دەخوازم پەت بەم، بڵێ، ژیانامەیەکی رووتە. من تێدا ویستووم وەسفی ئەو ئەشکەنجەیەی بەدەست پیاوانی پلیسی عەرەبەوە، بەتایبەت لە سوریا، ئەردەن، لوبنان و شوێنانی تر، کە ناوم نەهێناون، چەشتووم، هەور بکەمەوە. هەروەها لە پسنی ئەو ژیانە قورسەی کارکتەر لە ئاوارەیی لە شەقامکانی پاریسدا لەو زستانە ساردانەدا تێدا ژیاوم، سووك بکەم..ل11»

جیهانی عەرەبی گەستانکی گەورەیە

(جوبی کیکا)مەسیحییەکی خەکی حەبانییە، کەسکی هونەرمەندە و عاشقی سینەمایە، خەونی گەیشتن بە هەیود، ناچاری دەکات ساڵی 1979 عیراق بەجبهەەت، سەرەتا کەچ بە سوریا دەکات، لەرشەوە، وەسفکی گشتی کەچەرانی عیراقی لە سوریا کردووە لە ساڵانی هەشتاکاندا. پاش هەفتەیەک لە سوریا، بە تەمەتی سیخوڕیی دەستگیر دەکرەت و لە زیندان زەر ئازاری دەدەن. نووسەر توانیویەتی وەسفکی گشتی رەوشی زیندانەکانی سوریا بکات و مامەەی نامرەقانەی ئەو رژمە دەربخات. تراژیدیای (جوبی) بەمە تەواو نابەت، کاتەک دەگاتە پاریس، رەوشی ژیانی ئاوارە عیراقییەکان و عەرەب و خەرهەەات لەم وەاتەدا باس دەکات، نووسەر توانیوویەتی بەوپەڕی راستگۆییەوە باسی رەوشی پەنابەران بکات.

(ژیانی بە خانە و لانە، نەک هەر کارکی قورس بوو، بگرە کارکی زەر تاقەت پروکێنیش بوو. ل.101)

بە حوکمی ئەوەی خەم ماویەک لە فەرەنسا ژیاوم، ئاگاداری رەوشی

ناخۆشی پەنابەرانم. ئەم وڵاتە لەچاو وڵاتانی تری ئەورووپییدا، هیچ مافی پەنابەری نەدەدا بە پەنابەر، بەتایبەتی لە ساڵانی هەشتا و نەوەدەکاندا، پەنابەر هیچ مافێکی نەبوو، هەربۆیە زۆر کەم کورد و خەڵکانی خۆرهەڵات، لەم وڵاتەدا دەمانەوە، چونکە ڕووشی ژیانی پەنابەران زۆر خراپ بوو، حکومەت هیچ هاوکاریی نەدەکردن، ئەگەر کەسێک یان هاوڕێیەکی دەستزت نەبوایە، ئەوا لەسەر شەقامەکان دەکەوتیت و کەس لای لە نەدەکردیتەوە. لەڕشدا نووسەری ئەم ڕەمانە، زۆر بە جوانی وەسفی ژیانی پەنابەرانی کردووە، بەتایبەتی ئەوانەی لە ساڵانی هەشتاکاندا ڕوویان لە فەرەنسا کردوو.

(ئەگەر بە چەند ساڵێک لە شەقامەکانی پاریسدا بژیت، ئەوا دەشێت لەگەڵ خودا خۆیدا ڕووبەڕوو ببیتەوە.ل 169)

جگە لە ژیانی پەنابەران، نووسەر توانیوویەتی لایەکیش لە ژیانی مەسیحییەکانی عیراق بکاتەوە، لەهەمانکاتیشدا تیشکێک بخاتە سەر کەلتوری ئاشووریەکانی عیراق، هەروەها بە تووندیش ڕەخنە لە ڕژێمە دیکتاتۆرەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەگرێت.

بۆچی پۆیستییمان بە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەیە؟.. نووسینی: سامی المالح

ئەمە هەموومان وەکو مرۆڤ، لە دایك دەبین و هەموو ڕۆژێك لە ژیانماندا فێر دەبین و ساڵانێکی درێژ دەخوێنین و هەر یەکەمان لە پسپۆرییەك یان بوارێکی دیاریکراودا تایبەتمەندو شارەزا دەبین. بە بە لەبەرچاوگرتنی پسپۆڕی و تایبەتمەندیەکانیشمان، پزیشك، سەرباز، بازرگان، مامۆستا، ئەندازیار، جوتیار، ئابووریناس و...تاد، هەر یەکێك لە ئێمە لە هەموو ژیانیدا وهەر لە کاتی لە دایکبوونیەوە، مامۆستا لەگەڵ بێکی بە ئەندازە زۆر لە زانیارییەکان و داتاکان و زانستەکان و بۆهاکاندا دەکات و دەیانخاتە خزمەتی ئەنجامدانی کارو ئەرك و پێوەندیەکانی لەگەڵ خێکی ناو کۆمەڵگە. لەبەرئەوەی ژیان بەردەوامو ناوەستێت،

پەیوەندی مرۆڤ بە زانست و زانیاری و ئەزموون و بەهاکانی جێگیرو سەقامگیر نییە، بەڵکو لە گۆڕان و پەرەسەندنکی بەردەوامدایە، ئەمەش پێویستیی بە هەڵسەنگاندن ونرخاندنی بەردەوام و وردەکاری هەیە.

ئەمە کە دەڵێین، بە تایبەتی لەم سەردەمی ئێستامان، لە جیهانکداین زانیارییەکان و پێدراوە نوێیەکان و پیادەکارییەکان لە هەموو بارەکانی ژیاندا بە تاوەستان لە هورژمدان و لە بەرفراوانبوونی خێرادان. هەموو ئەمانە پەیوەندیی زانستی و مەعریفیی نوێ دەخوڵقێنن و وا لە مرۆڤ دەکەن، پسپۆڕی وئاستەکی هەرچییەك بێت، لە بەردەم بەرپرسیارێتییەکی گەورەدا بێت، چونکە هەمیشە پێویستیی بە دڵنیابوون لە زانیارییەکان و وردبینیی داتاکان و بیرکردنەوەی ژێر لە ڕووی ڕاستگۆیی و کاریگەرییەکانی و ئەنجامەکان هەیە، کاتێك ئەم تاکە، یان کەسکی دیکە، بە دەستنیشان کردنی هەڵوەستەك و وەرگرتنی بڕیارێك پشتی پێ دەبەستن.

مرۆڤ لە جیهانی ئەمڕدا پێویستییەکی زۆری بە تەڕامان و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە هەیە، لەبەرئەوەی هەمیشە ناچارە پەنا بباتە بەر هەڵبژاردن و وەرگرتنی بڕیارەکان. لە پەناو بژاردەی دروست و وەرگرتنی بڕیاری ڕاستیش پێویستیی بە متمانەکردن بە سەرچاوەکان و وردبینیی کردن و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی بابەتییانە و بەرئەنجامگیری هەیە. بەم توانای سەربەخۆیی لە بڕیار و هەڵسەنگاندن لە کاتی چارەسەرکردنی کێشەکان و وەرگرتنی بڕیارەکان بەتە پێویستییەکی هەرە لە پێشی هەناردیی پێشکەوتن و سەرکەوتن و گەیشتن بە ئامانجەکان.

بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە ئەرك و سوودی گرنگی لەسەر ئاستی تاك و کۆمەڵگەکان هەیە، لەوانەش:

- یارمەتیی وەرگرتنی بڕیارە دروستەکان و کەمکردنەوەی هەڵەکان دەدات، چونکە دەکرێ هەڵە چاوەڕوانکراوەکان دەستنیشان بکات و توانای خۆلادانیشی لێیان هەیە.
- زیادبوونی دەرفەتی سەرکەوتن لە کار و پەیوەندییە کەسییەکان و کۆمەڵایەتییەکان.
- بەهێزکردنی توانا عەقڵییە هزرییەکان و پەرەپێدانی یادگەو جێتکردنەوە، ئەوەش لە میانی کێشش و تەقەللادان لەسەر فێربوونی بەردەوام و پەرەپێدانی زانستی و مەعریفی.

ڕێگەی بەرەو نوسازی و داهێنان

پەیستبوون بە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، تەنها لەسەر وردبینیی زانیارییەکان و داتاکان و متمانەکردن بە سەرچاوەکان ڕانەوەستاوە،

بەکو بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بۆتە پێداویستییەکی هەنووکەیی زۆر گرنگ بۆ پڕۆپەدانی لێهاتووییە تیۆرییەکان و پیادەکارییەکان و توانای ڕووبەڕووبوونەوەی ژیان و بینینی شتەکان لە جووڵەیان و گۆڕانکاریی بەردەوامی پڕۆسەندنیان و بەدەستهێنانی کارامەییە پێویستەکانی بەدواداچوونیان وهەڵسەنگاندنیان و لە ئەنجامیشدا وەرگرتنی هەڵوێست، ئەمەش زانستەکان و تەکنەلۆژیا و خزمەتگوزارییە هەمەجۆربوونی گۆڕانکارییە ئابووریەکان و پزیشکی و پیشەسازیی دەرمان و گۆیاندن و پێوەندیکردن و گۆڕانکارییە سیاسییەکان و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بەهاکانیش دەگرێتەوە.

لەگەڵ ئەم هەموو پڕۆسەندنانە لە سەرجەم بوارەکانی ژیان و کۆمەڵگە، خوێندکە ڕاگەیاندن و وردبینی و هەڵوێستە ڕەخنەییەکان، پەگەی دیار و بەرچاو و ئەرکی گرنگ و هەمەلایەنەیان ببینێت، لە گەڵ ئەو کێشەکردنەوەی زانیارییەکان، چاودێری، دەزینەوە، تیشك خستنەسەر واقیع و وردبینی کردنی، بەمەش ڕاگەیاندن دەسەڵاتی ڕاستەقینەی بەدەستهێناوە ، بە شێوەیەک کە ئەمەکە بە دەسەڵاتی چوارەم ناودەنرێت. بەیە دەبینین کە توانای بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بۆتە ئامانجێك لە ئامانجە بنەڕەتییەکانی فێرکردن و پەروەردە و بە تایبەتی خوێندنی زانکۆیی لەو وڵاتانەی کە سوورن لەسەر بواری پەروەردەی ڕاستەقینە ومەدەرن و بایەخ بە سەقامگیری و پڕۆسەندن و گۆشەسەندنی بەردەوامی دەدەن.

ژیانی ئەمەی مرۆڤ سەپێندراو و دیاریکراو و جێگیر نییە، بەکو لە گۆڕاندایە و شایانی پڕۆسەندن و باشترکردنیشە، ئەمەش پێوەستە بە بیرکردنەوەو پڕۆپەدانی زانست و زانیارییەکانمان و پیادەکردنە کردارییەکانیان لە هەموو بوارەکاندا، ئەو پڕۆسەندنەی کە پێویستیی بە تەئامان و بیرکردنەوەی عاقڵمەندانە و ئامانجدار هەیە، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەش بە تایبەتی وەکو ڕێگەیەکی مامەڵەکردن و وەرگرتنی بۆیارەکانە لە هەموو داتاکان و گریمانەکان و تیۆرەکان و شتە بەگەنویست و باوەڕییەکان، بە مەبەستی باشترکردن و پڕۆپەدانیان. بەمشێوەیە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بریتییە لە ڕێگەی بەرەو نوسازی و داهێنان، ئەو ڕێگەیەی کە لە پرسیار و گومان دەست پێ دەکات و دەبێتە مایەی هەڵسەنگاندنی کارەکان و دەرئەنجامیش وەرگرتنی بۆیارە دروستەکان بە چارەسەرکردنی کێشەکان لەسەر هەموو ئاستەکان.

دەتوانین ئامانجی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بەم جۆرەی خوارەوە دەستنیشان بکەین:

1. خوێندن ، یان دەزگاوەی بژاردەی زیاتری کرداری.
2. خوێندن و دەزگاوەی بەرئەنجامگیریی مسۆگەرو ئارامتر.
3. هەونی لە ئەنجامەکان و دەرئەنجامە چاوەڕوانکراوەکان.
4. هەڵنگدانەوە و بەرجەستەکردنی هەڵچنینی.

پەیوستە ئەم بوارە زیندوو و سەرکیانە بخرێنە بەر گفتوگۆ، نەخاسمە کە ئەمڕۆ لەسەردەمی زانیاریدکان و پەرەسەندنی تەکنەلۆژیا و ململانێ و کێبڕکێدا دژین، لە جیهانێك کە هەوبەووی کشەی گەردوونیی گرنگ دەبێتەو هەڕەشە لە تەواوی چارەنووس و ئایندەی مرۆڤایەتیی سەر هەسارەکەمان دەکات، لەوانە کشەی گۆڕانکاریی کشوهەوایی پەیوستەکان بە شێوازی بەرهەمهێنان و ژیان، کشەکانی ئاو و وشکەسالی، کشەی هەژاری و جیاوازیی بژێوی کە لە ناو زۆربەی هەرە زۆری گەلان و هەژاران و نەوان ئەو دەوڵەمەندانەی هەژانێ دەوڵەمەندتر دەبن زیاتر دەبێت و کشەی جەنگ و ململانێی سەربازیی نێوان جەمسەرە ململانێکارەکان و ئەوانەی عەمباری تەقەنەری چەکی ئەتەمیی کاولکەریان هەیە، سەرباری هەڕەشەکانی پەرەسەندنی زیرەکیی دەستکرد کە خەریکە ئەستا لە هەموو شوێنێك لە دەرگاکان دەدات. زەدەباری هەموو ئەمانە بەرەنگاربوونەوەی بانگەشەو ئاگەیاندنی بەرەڵا و نا بەرپرس و بەاوکردنەوەی زانیاری و داتا و بۆگە ساختەکان و فێڵ و فریودان و تێکەڵبازی و بەزاندنی سنووری تایبەتمەندییەکان.

نووسینی – سامی المالح

تکایە، خاسی مەکەن، با خراپتر نەبێت! /٤.. ئاکە مارانی

ئاکە مارانی
٢٥/٠٨/٢٠٢٥
ە ، ە ، ە ، ە (فەن) یان (ئەلەفەن)؟

.٤

/ئ (بڕی) 1 ü : یەکەکە لە فەرمانە تایبەتەکانی ئاخاوتنی هەرامی و لە سەرتاسەی ناوچەکانی هەرامان و لەنو گشت دیالێکت و بنەدیالێکتە هەرامیەکان واتای جووتواژەکان* دەگەڵت و لە یەکدی جیادەکاتەوە، بۆتایبەت :

- لە کۆتایی گشت کردارە ئانبوردوو و داهاتوەکان (کردارە یەکجارەکییەکان) بە سێیەم کەسی تاک :..

بۆ خوێندنەوەی درێژەی بابەت کلیکی ئێرە بکەن..

AkoMarani-4Download

دەست و هاوڕێی باش گەوهەر.. سامان خدر

مرۆڤ هەمیشە لەژیانی دا بەدەخی سەخت و ناخۆش تەدە پەڕێت، هەمیشە لەکاتی سەختی و ناخۆشیدا دەست و هاوڕێی باشی بە بەدیار دەکەوێت و بۆی ڕۆن دەبێتەوە، کە دەست و هاوڕێی تەنگانەیە.
هەربۆیە پێویستە مرۆڤ ئەو دەست و هاوڕێ باشانەی لەکاتی ناخۆشی و تەنگانە بەکەلکی دێن ،لەدەستیان نەدات و هەمیشە لەگەڵیان بێت.

دەست و هاوڕێی باش ئەو کەسەیە کە دەتوانرێت متمانەی پێ بکرێت و هەموو هەست و حاڵەت و هەست و سۆزێکی دەروونی کە تاکەک ڕەنگە لە کەسانی دیکە بیشارێتەوە، بۆی ئاشکرا بکرێت، تەنها ئەوە نەبێت کە بە هاوڕێ و دەستی، باسیان دەکات، بە هیوای بەدەستهێنانی پشتیوانی و ئامۆژگاری.

مرۆڤ ناتوانێت بە تەنیا بژی، بەڵکو پێویستی بە گروپێکە بە ئەوەی تێیدا بژی، مرۆڤ هەمیشە پێویستی بە کەمەڵک کەسی تایبەت هەیە کە لە باقی کەمەڵگاکە لەی نزیکتر بن، و زۆرترینیان گرنگ لەم گروپانە خۆزان یان ئێندامانی خێزان و هاوڕێیان.

هەروەها بۆئەوەی دەستایەتیی لە نێوان هەردووڵا بەردەوام بێت،

دەبێت لەسەر چەند ئەخلاق و بەهایەکی وەک دەستزی، ڕاستگۆیی، خۆشەویستی، هاوکاری، و قوربانیدان بێت کە یەکێکە لە پایە گرنگەکانی.

هاوڕێ و دەستی باش گەنجینەیەکی زۆر گەورەیە، کەوا هەموکەسێك نیەتی و زۆرێك بەداخەوە لەی بە بەشن و زۆرکیش بەداخەوە قەدری نازانن.

هەروەها باشترین شت کە یارمەتی مرۆڤ دەدات لە ژیانیدا، دڵزینەوەی دەست و هاوڕێی دەستزە، و بە ئەم شتەش باشترین یارمەتیدەر بێت بۆی بەسەر سەختییەکانی ژیاندا، لەگەڵیدا بەشداری لە خۆشی و دڵتەنگیدا بکات، و لەی نزیک بکاتەوە لە خودا و کردەوەی چاکە، و دووری بخاتەوە لە هەموو شتێك کە زیانی پێدەگەیەنێت.
دەست و هاوڕێی باش ئەو کەسەیە کە وادەکات هەست بکەیت وەک ئەوەی لەگەڵ خۆتدا دانیشتوویت، وە بیری خراپت لە ناکاتەوە، بەیە ئەگەر هەڵەیەکت کرد خۆرا لێت خۆش دەبێت، و بە دوای بیانوودا دەگەڕێت بۆت، ئەو کەسەیە کە وادەکات هەست بکەیت وەک ئەوەی لەگەڵ خۆتدا دانیشتوویت، وە بیری خراپت لە ناکاتەوە، بەیە ئەگەر هەڵەیەکت کرد خۆرا لێت خۆش دەبێت، و بە دوای بیانوودا دەگەڕێت بۆت، ئەویش ئاواتەخوازە بە خێی.ئەو ئەو کەسەیە کە ئامۆژگاریت دەکات کاتێك هەڵەت کردووە و یارمەتیت دەدات بۆ چاکەکردن، هەروەها هەمیشە نزات بۆدەکات کاری باش و چاك بێتە ڕێگات و دوربیت لەهەمو ناخۆشی و دەردێك، یارمەتیت دەدات و ئامۆژگاریت دەکات ئەگەر پەیستت بە ئامۆژگاری بوو، هەروەها یارمەتیت دەدات کاتێك پەیستت پێی دەبێت، و لە ڕێگەی زیانەوە دوورت دەخاتەوە.
هەروەها زۆری تریش هەربەیە پەیستە وریابین و قەدری ئەو کەسانە بزانین و هەمیشە لەبیرمان بن.

کەسێك لە ناو زیانێك بە زیانێکیتر دەگەیەنێت.. داستان

بەرزان

خەڵک هەیە
خەڵکی جەراوجەر
کە من مەشکم قبووڵیان ناکات
ئەوان پەدەکەنن و
قوبەی ساوەر و برنج و بریانی دەخۆن و
ئەسپ و سەیارە و تەیارە دەکڕن
خەیار و قەیسی و ترێ و تەمەرهند و
مەڕ و مەم و هەم و چەم دەپڕچنەوە!
من هیچم نییە لەو سەرمایەیی ئەوان کردوویانە بە قەڵا بە خەیان
ئەوی هەمە جیهانی خەمە
نایدەم بە تاج و ساج و باج و گەراجی ئەوان
خەڵک هەیە
باخانی هەیە
من هەم
باخانم نییە!

خەڵک هەیە
ساخانی هەیە
من هەم
ساخانم نییە!
من نیمە زەرینەی ئەو شتانەی ئەوان کردوویانن بە قەڵا بە خەیان.

ڕاستی بڵێم؟
من قەڵاکەم دەمکە ڕووخاوە
پاەم داوە بە تەنیایی شینی خەموە!

من بەبە پادشای چوارئینجی ڕەم
من بەبە گشت خاکی پانی عەجەم
من بەبە عومری بازنەیی نوح
من بەبە هەزی بەرینی نەمروود
من بەبە چیای تیژی تەلا
من بەبە جەماڵی خەی یووسف
من بەبە دانایی ئاسەیی لوقمان
من بەبە گەنجی ستوونی سەلمان
تەنیام.. من زەر.. زەر تەنیام

تەنیام و جیهانی خەمم گرتووە
من جیهانی خەمم خەشدەوەت
من جیهانی خەمم!

من بەبێ گەنجی قاروون
بەبێ ڕەنجی فەرهاد
بەبێ تاقی کیسرا
بەبێ سەبری ئەیوب
بەبێ هەرەم
بەبێ حەرەم
بەبێ کەرەم
بەبێ دەوڵەت
بەبێ سەروەت
بەبێ، بەپێ
بەپۆوەم، بێ چارە
بەپۆوەم، بێ پارە
تەنیا خاوەنی جیهانی خەمم.

سامانی سولەیمانم نییە
پەیجووی موسا و
لەبوردەیی عیسا و
هەسپی بوراقم نییە.
زینەفەن و
دیاکۆ
هەلاکۆ و
ئەسکەندەر نیم.
تەنیا خاوەنی جیهانی خەمم
من جیهانی خەمم خەشدەوەت
من جیهانی خەمم!

کێ خوێنی پاکی خەی دەکەشت؟
من نەبەت!
کێ کەشاوێ بێ بەردا گیانی خەی؟
من نەبەت!
کێ دەبینەت چ ووناکێ؟
من نەبەت!
کێ خودا دەناسەت، بەی دەگری؟
من نەبەت!

من دڵنگدادتەوە سینەم
چۆڵ بۆ تۆ!
من دڵشتەکم وادەخنکێم
دەمرم بۆ تۆ!

من بارگەیەکی جەماوم
زامم بۆ تۆ!
من قارەمانێکی دۆڕام
ژارم بۆ تۆ!

تۆ دەمکەشیت بۆ چیا و دەشتەکاندا
کوڕانە!
تۆ دەمکەشیت بۆ مانگ و ئەستێراندا
عاشقانە!

تۆ لە گەروودایت
تۆ لە باخەکاندایت
تۆ لە سروەدایت
تۆ لە کۆوەدایت
تۆ درەختی منی
تۆ گوڵزاری منی
تۆ ئاسمانی
تۆ هەردی
تۆ زەریای
تۆ فەینی
هەر تەش تەنیا
ژانی منی!

ڕۆژێک دادەت دەچیتە گەردوونی خەتەوە
جیهانی خەت دەناسیتەوە
من خەیاڵاویی بۆ ناو ئەو ڕۆژدا دەڕۆم
بۆ ژیانێک واقیع نەخشی نەخستبێت.

شوێنک شوێن نییە
کاتێک کات نییە
تێیدا بمرم!

دەردی من ئەوەیە
دەردەکانمم پەوە دیارن

دیارن بە ڕۆژکانمەوە
بە هەنگاوکانمەوە
بە ئاگرکەمەوە
لەسەر شوێن پێیکانم جەماون
ئەو دڕدانەی کەس نایانخوێنێتەوە.

من واقیع ئازارم دەدات
بریندکە لەسەر بوونم
تەمکی قوورسە دەمخنکێنێت
لە هەموو شوێنکم گیربووە
لە هەموو کاتکم ڕاچووە
من واقیعم ژانی هەیە!

فریا ناکەوم ئەوەی دەموێت بژیم
فریا ناکەوم ئەوەی دەموێت بمرم.

من پێویستم بە ژیانکی دیکەیە
ئەم ژیانە ڕاستەقینەکە نییە.

سووکە لەنگەر/ پێشلکردنی تایبەتمەندی کچکردووان..
فەریق عوسمان

ماددەی ١٢ ی مافی مرۆڤی جیهانی جەخت دەکاتەوە لەسەر پاراستنی تایبەتمەندییەکانی هەموو مرۆڤك و بەاونەکردنەوەی بە ڕۆزامەندی خۆی، هەروەها دەبێت بزانرێت چەن زانیارییەکان کە دەکرێنەوە چەن بەکار دێن(١٥،٥)، وڵاتای ئەوەی یاسای مافەکانی مرۆڤی ئەوروپی ژمارە ٨ داکەکی دەکات لەسەر ڕێزگرتنی ژیانی تایبەتی هەموو مرۆڤك لە ڕووەکانی خەزانی و نشینگەو نامەگۆڕینەوەکانیشیەوە.
لە داخم ناچە دەیان ساڵە ئەمەی کورد نەك لە مێژووداە بەکو لەدەرەوەی مێژووداە دێژین و لە ڕاوتی ژیاریی مرۆڤایەتی هاوچەرخ و مافە ماددی و مەعنەویەکانی مرۆڤ بەبەشین و دابەنراوین، بەرنجام

ئاسانترین و بە لەپرسینەوەترین کار تەنانەت لای هاوڵاتییەکی سادە بریتییە لە پشڵکردنی تایبەتمەندییەکانی تاکەکانی مرۆڤی کوردو زۆر ئەم کارە کە تەنانەت بووە بە (خوو) بە ئاسایی وەردەگیرێت و وەکو پشینانیش گوتویانە: گورگ ئاو دەبڕێ و بچوك پێی تێ دەنێت، نموونەش بە ئەوەی ئەم ڕاستییە بزانێت گەر کەمێك بەدواداچوونی سۆشیال میدیا بکات دڵزانێت چ نەهامەتییەك بەرپا بووە.
ئەوەی لێرەدا دەمەوێت لێسەری بدوێم ئەو نامە تایبەتی ڕەوانشاد شاعیر (موحەمەد عومەر عوسمان)ە کە لەگەڵ کەلەم ماوەیەی دوایدا بە ڕەچاوکردنی هیچ پرەنسیپێکی پاراستنی تایبەتمەندییەکانی تاکە کەسیی، دوای چل ساڵ لە نووسینی و بە ڕەزامەندی خۆی و ئندامانی ماڵباتەکەی بڵاوکراوەتەوە، ئەو لێسەرەتای بیستەکانی تەمەنیدا بووە کاتێك ئەو نامە شەخسییەی نووسی و هەرگیز ئەو بەمەبەستی بڵاوکردنەوە نەنووسیبووی و نەناردبووی، ڕەنگە ئەستا گەر لە ژیانیشیدا بووایە زۆر پشیمان بوایەتەوەو هەرگیز نامەی وای نەنووسیبا، ئەو داوای لەکەسی نامە بە نەدراو کردووە (بەپێی ڕەشنوسی نامەکە) گەر بتوانێت ئاوڕێك لە شیعرەکانی بداتەوە، نەکو هەڵەی ڕێنووسی ناو نامەکەی بە ڕاستبکرێتەوەو دەقی نامەکە بڵاوبکرێتەوە! مەگەر ئاوا پاڵزگاری لە ئەمانەت و ڕاسپاردە دەکرێت؟ خۆ ڕاسپاردە تەنیا پارەو نەختینە نییە لای کەسێك دابنرێت، تەنانەت وتەش هەر ئەمانەتە، چ جای نامەی شەخسی؟ بە ناوی ئەرشیف وکاری ڕۆژنامەنووسییەوە پشڵی تایبەتمەندی نەڕەر بکرێت و بڵاوبکرێتەوە! ئیدی نازانین چ مەبەستێکی لەپشتە؟ ئایا بە تیشکخستنە سەر بایەخی کەسی نامە بە نەدراوە کە لەلایەن شاعیرەوە داوای لە کراوە شتێك لەسەر شیعرەکانی بنووسێت؟ یان شانازیکردن و خۆ بە چەقکردن و دەمەاستکردنی نووسەران و قەڵەم بەدەستانە؟
جگە لەمەش خاڵێکی گرنگی تر کە دەبێت باس بکرێت ئەوەیە کە لە دنیای ڕۆژنامەگەریی ئەمڕۆدا هیچ بەهایەکی زانستی بە بڵاوکردنەوەی چاوپێکەوتنی کەچکردووان دانانرێت، چونکە جێی متمانە نییەو چەندان پرسیار بەدوای خۆیدا دەهێنێت؛ وەك ئەوەی ئایا بە تا لەڕیاندا بوو بڵاونەکرایەوە؟ ئەی ئایا کە ناڕاستی گوتەکانی نەو چاوپێکەوتنەکە ڕاست دەکاتەوەو دەستنیشان دەکات گەر دەسکاری کرابێت؟...
بەهەرحاڵ هەنە لە هەموو چاخ و زەمانێکدا هەر دەیانەوێت لە بنەڕەتدا بمێننەوە، بە نموونە گەر بەڕێوبەری گشتیی بڵاوبڕایەتییەك بێت لە زەمانی پشوودا یان بەرپرسی گۆڤارێك لە زەمانی ئێستاو داهاتوودا، بە ئەوەی پرسیار لە سەرچاوەی داهاتی چاپکردنی گۆڤارەکە بکرێت لەکوێوە دێت و لە بەرانبەر ئەو بەخشینەدا دەبێت چی بکرێت؟ هزرمەند و ڕۆشنبیرو ئەدیب و

هونەرمەندی ڕاستەقینە، تەنانەت گەر بە بکەسی و تەنیاییش سەر بنێتەوە؛ عەزیز گەردی ئاسا هەموو ئەو پرسیارانە دەکات و خەی بەدوور دەگرێت لەو دنیایەی لای کافامانی قەڵەم بەدەستان لە باوکردنەوەی بەرهەمێك لەو باوکراوانەدا خەیان دەبینەوە،.
مەخابن زەرینە ئەوانەی خەیان بە قەڵەم بەدەست و خاوەن بەهرە و هزرمەند دەزانن ڕاستیەکان دەزانن و نایانەوێ خەیان بدەن لەو بابەتگەل و پرسیارانە، چونکە نووسین لایان پڕنسیپ نییە، چونکە خاوەنی پاشخانی مەعریفی دروست ودنیابینی نین. ئەمەش گەورەترین کێشەی وڵاتانی جیهانی سێیەمە کە هزرمەندو خامە بەدەستکانیان لە قەیرانی جەوهەریدا دەناڵێنن و تا پرسیار دەگاتە ئەوەی ئایا بکە بڵێین هۆشنبیری ڕاستەقینە؟
هەنگە ئەم خانەی باسمان کردن شتێکی کەم بن لەو پەڕە جیهانەینەی وای کردووە تەنانەت بەوانەمەی زانکۆکانیشمان ئەو هەواج وەڕوایەتییەی نەبێت لە هووی زانستی و ئەکادیمییەوە لەسەر ئاستی جیهاندا، ئیدی لە بچوکترین شتەوە بیگرە کە زیانی تاکەکەسییە تا دەگاتە ئاستی گروپ و دەستەو ناوچەکان، چ پشبینییەك دەکرێت بە پشکەوتن کە هەشتا تاك وەکو مرۆڤ مافە سەرەتاییەکانی زامن نین و تەنانەت مافی پارێزگاری تایبەتمەندییەکانی خەی نەبێت و بگرە تەنانەت بە ئەنقەست و بە لەکەدارکردنی لە جەگاگەلەك کامەرای شاردراوەی بە دابنرێت! یاخود دروستکردنی سیناریۆ بە فەتەشەپ و زیرەکی دەسکردو... ئیدی ئاساییە لە کەمەگایەکی وادا زەر هەبن بڵێن جا قەیدی چییە شاعیرەك چل ساڵ پش ئەستا نامەیەکی بە کەسکی تر نووسیوە با باوبکرێتەوە بە پرسپکردنی و مەڵێت لە وەرگرتنی، چونکە وەفاتی کردووەو لەژیاندا نەماوە!
دەمەوێت بە وتەیەکی جەرج بەرنارد شۆ کۆتایی بەم وتارە بهێنم کە دەڵێت: ئاگادار بن! بانگەوازکردنی مەعریفەو هۆشنبرێتی زەر مەترسیدارترە لە خودی نەزانیی.

فەریق عوسمان

خوێندنەوەیەک بۆ هونراوەکانی (مەواری) ی محەمەد بەرزی.. رێزا شوان

پێش ئەوەی بینە سەر باسکردنی پەرتووکی (مرواری) حەزدەکەین بە سوودوەرگرتن، زۆر بە کورتی و بە چڕی، باسی مەرج و ستاندارد و کوالیتی پەرتووکی نموونەیی و هونراوەی گونجاو بۆ منداڵان بکەین.
پەرتووکی منداڵان گرنگییەکی زۆری هەیە. بە دڕواز‌ەیەکی جیهانی دادنرێت بۆ چوونە ناو هۆشی منداڵان، کە چۆندین دەرگایان بۆ خۆیاکردن و داهێنان و فێربوون لەسەریان دەکاتەوە. لە ڕەگەی پەرتووکەوە، جیهانی دەوروبەریان دەناسن و فێری خوێندنەوە و نووسین دەبن. زاخاوی کارامەییان دەدات و سامانی زانستییان زیاتر دەبێت. زمانیشیان گەشەدەکات و فەرهەنگی وشە و زاراوەکانیان دەوڵەمەنتر دەبێت. بەیە پێویستە لە منداڵییەوە منداڵەکانمان بکەین بە هاوڕێی پەرتووک، تا خوێندنەوە ببێت بە خووی ڕۆژانەیان و بە کولتوور بە پێویستییەکی ژیانیان. لەڕەوە گرنگیدانی نووسەرانی وێژەی منداڵان، بە تەکنیک و بە جوانی پەرتووکی منداڵان سەرچاوەی گرتووە. هەر پەرتووکێک کە شایەنی سەرنجڕاکێشانی منداڵانی خوێنەربێت، پێویستە مەدێرن بێت و کومەڵێک مەرجی هونەری و جوانی و ستانداردی و کوالیتی باشی کاغەز و تەکنیکی چاپ و ناوەڕۆک و شێوە و قەبارە و نەخشە و فۆنتی گونجاو و چەند مەرجێکی تری چاپکردنی جوان نموونەیی لەخۆگرتووبێت. وەک: پێویستە قەبارەی پەرتووکی منداڵان، لەگەڵ تەمەنی منداڵاندا بگونجێت. بە فۆنتێکی باش و بە ستایلێکی جوان چاپ بکرێت. ناونیشانەکەی درێژ نەبێت و بە فۆنتێکی گەورە و ڕوون نووسرابێت. پێویستە کاغەزی بەرگی پەرتووکی منداڵان و پەڕەکانی ئەستوور و وبریقەدار بن. بە وێنەی کەشراوی ڕەنگاوڕەنگی جوان یان وێنەی فۆتۆگرافی بازنرێتەوە. چونکە وێنە تواکاری دەقی وێژەییە. منداڵان هەمیشە، هەگەر و تامەزرۆی پەرتووکی وێنداری ڕەنگاوڕەنگی جوانن. زیاتر سەرنجیان ڕادەکێشێت و زیاتر مەیلی خوێندنەوەی دەکەن، بە ماوەیەکی زیاتریش بابەتەکان لەیادیان دەمێننەوە.

پەیوەستە رەنگەکان گۆش و روون و دڵخۆشکەرەن. پەرتووکی وێنەیی، یارمەتیی منداڵان دەدات، کە وێنە و وشە و رستەی نووسراو بەیەکەوە ببەستنەوە. یارمەتی ئەوشیان دەدات، لە کارەکتەرەکان و شوێنەکان و لە پەیوەتی بابەتەکان تێبگەن. توانای خوێندنەوەیان باشتر دەکات و ئارەزوو و چێژەکی زیاتریشیان پێدەبەخشێت.

دەربارەی هونراوەی منداڵان. نازانم بە زاراوەی هونراوەنووسانی کوردمان، تا ئەمڕۆش دەست لەم سێ وشە عەرەبییە هەڵناگرن (ئەدەب) و (شیعر) و (شاعیر)؟ لە کاتێکدا کە بەرانبەر بەو سێ وشە عەرەبییانە، وشەی ڕەسەنی کوردیمان هەیە: (وێژە) و (هونراوە، هەڵبەست، هۆزان) و (هونراوەنووس، هەڵبەستنووس، هۆزانڤان). لە جیاتی وشەی (شاعیر) چی شوورەییەکی تێدایە، گەر لە هاوشێوەی (چیرۆکنووس، ڕەماننووس، شانۆنووس، مۆژوونووس) بنووسین (هونراوەنووس)؟ من وەک نووسەرێک، لە ئەمڕۆوە نانووسم (شاعیر) و دەنووسم (هونراوەنووس).

هونراوە کۆنترین و گرنگترین ژانری وێژەیە. جوانترین و ناسکترین شێوەیە لە شێوەکانی هونەر. فەرمێکی نایاب و سەرنجڕاکێشە. هونراوە نزیکترین هونەرە لە ڕۆحی منداڵانەوە. سوود و چێژ و خۆشی و گەشبینی و هیوایەکی زۆریان پێدەبەخشێت. هونراوە پەیامێکی پەروەردەیی و سۆزداری و نیشتمانی و میهرەبانی و ڕەوشتی و بەهای بەرزی مرۆڤایەتی لەخۆگرتووە. هەر هونراوەنووسێکیش شێواز و ستایل و تەکنیکی هونینەوەی خۆی هەیە لە گەیاندنی پەیامێکی بە منداڵان. گەرچی لە ڕاستیدا هیچ ڕێگا و پێورێکی دیاریکراو بۆ نووسینی هونراوە نییە، بەڵام دەتوانن هەندێک مەرج و یاسا و پێویستی بنەڕەتی پەیڕەوی بکەن. بۆ تایبەتیش لە هونراوە بۆ منداڵان. وەک: هونراوە پەیامی پەروەردەییە، پێویستە ئەم پەیامە لەگەڵ تەمەن و تێگەیشتن ئەو منداڵانەدا بگونجێت، کە هونراوەکانیان ئاراستە دەکەن. بەگومان سەروا و تەن و ڕیتمی موزیکی، منداڵان دڵخۆش جووڵە و دەتوانن بە ئاسانی ئەو هونراوە و سروودانە لەبەربکەن و بە ئاوازەوە و بە دەنگی بەرز بیان چڕن. پێویستە زمانی هونراوە و سروود ، سووک و ئاسان و شیرین بێت و دوورببێت لە ئاڵۆزی و لە وشەی گران. دووربێت لە هەڵەی زمانەوانی و لە لە هەڵەی ڕێنووسی و لە هەڵەی زانستی و لە وشەی بێگانە. نیوە دێڕەکانی هونراوەکان، کورت بن، باشتر وایە کە لەنێوان دوو بە چوار وشە زیاتر نەبن.

هەنراوکانیش درێژ نەبن، باشتر وایە، لەنێوان شەش دێڕ بۆ هەشت دێڕ بن. دەکرێت ئاوازدانەران ئاسانتر ئاوازیان بۆ دابنێن. شایەنی ئاماژە و ستایشە، هەنراوەنووسانی کوردمان بۆ منداڵان، پشکی شێری هەنراوەکانیان، لەسەر خۆشەویستی و دەسەزی و هاوبەستەبوون بۆ کوردستانی نیشتمانی پیرۆزمان و لەسەر سروشتی جوان و ئەفسووناوی کوردستان نووسیون. تا لە منداڵییەوە ئەم ڕەهەندە نیشتمانییە لە هەشی منداڵانی کورد بوونن.

ئەوەش دەزانین، کە منداڵان بە سروشتی و بە ڕەمەکی، هۆگری گۆرانی سرووت و هەنراوە و مۆزیک و چەپڵەلێدان و هەڵپەکی و خۆشی و شادین و پێکەنین.

دەینێ سەر کرێکی باسکەمان. کە خوێندنەوەیەکی خێرایە، بە پەرتووکی (مرواری)، کە بریتییە لە کۆمەڵێک هەنراوە بۆ منداڵان، لە هەنێنەوەی هەنراوەووس و چیرۆکنووس و لێکۆڵینەوەنووسی ناسراوی کوردمان، ئەندازیار (محەمەد بەرزی). کە لە ساڵی (٢٠٢٤) دا، لە چاپخانەی (لیرە) لە شاری سلێمانی چاپی کردووە.

(محەمەد قادر محەدین) لە ناوەندی وەژییدا، بە (محەمەد بەرزی) ناسراوە. لە (٢٠/ یووڵی/ ١٩٤٦) لە شاری سلێمانی لەدایکبووە. قوناغەکانی قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی لە شاری سلێمانی تەواو کردووە. لە ساڵی (١٩٧١) دا زانکۆی تەکنەلۆژی ـ لە کەلەژی ئەندازیاری (بەشی کارەبا)ی لە بەغداد تەواو کردووە و بەوانامەی بەکالۆریۆسی وەرگرتووە. هەر ئەو ساڵە، لە کارگەی شەکری سلێمانی دامەزراوە. دوای داخستنی کارگەی شەکرەکە، گەڕاوەتەوە بە کارگەی تووتنی سلێمانی. لە ساڵی (١٩٧٦) دا، هاوسەرگیری پێکهێناوە. سێ منداڵیان هەیە.

لە ڕۆژی (٣١/ ئاب/ ١٩٩٦) دا، لەگەڵ خەزانەکەیدا، کۆچیان بە ئەمریکا کردوە. لە ئێستادا، لە ویلایەتی (یەتا)ی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا دەژین.

محەمەد بەرزی تا ئێستا کۆمەڵێک چیرۆک و هەنراوەی لە زمانی ئینگلیزییەوە، وەرگێڕاون بە سەر زمانی کوردی. تا ئەمڕۆ (٧) پەرتووکی هەنراوە و چیرۆکی بۆ منداڵان بە ناوەکانی (ناسک و ورچەکە، بازن، مریەم، خەزگە، بەرخەکەی لانە، مرواری) و دوو پەرتووکی زانستیشی (وزەی خەڵوز، کوێستانی هەڵەم) چاپکردوون و بڵاویانی کردوونەتەوە. زیاتریش لە (٢٥٠) نووسینی بابەت هەمەجۆڕی لە گۆڤار و لە ڕۆژنامە و لە سایتە

کوردیەکاندا، بەاوکردنەتەوە. دانبەداوە و درێژە بە نووسینە هەمەجۆرەکانی دەدات. زیاتر لە (٥٥) ساڵە بەردوامە لە نووسین بە منداڵان.
پەرتووکی مەرواری، بەپێی ئەو هەموو کوالیت و تەکنیکێ هونەریانە چاپکراوە، کە لەسەرەوە باسمان کردووە. قەوارەی مەرواری گونجاوە و بەرگەکەشی ئەستوورە. ناونیشانەکەی یەک وشەیە (مەرواری) یە، کە سەرناوی یەکەمی لە هەنراوەکانی. بەرگی یەکەم و دووەمی، بە وێنەی جوان رازاوەتەوە و سەرنج راکێشن. کاغەزی پەڕەکانی ناوەوەی مەرواری ئەستوور و لووس و بریقەدارن.

مەرواری دیزاینەکی هونەریی جوان کراوە. سەرجەم لە (١٢٧) لاپەڕەدا، (١١٤) هەنراوەی کورتی لەخۆگرتووە. لە سەدا (٩٥%)ی هەنراوەکان لە شەش دێڕ پێکهاتوون، نیودێڕی هەنراوەکان کورتن. هەر نیودێڕێک لەنوان دوو بە چوار وشە پێک هاتوون. وشەکانیش سووک و ئاسان و باون. بە شێوەیەکی هونەریی جوان و بە فەنتەکی گونجاو و جوان و روون چاپکراون. لەلای چەپی هەر هەنراوەیەکدا و لە هەمان لاپەڕەدا، وێنەیەکی کەشراوی رەنگاوڕەنگی گەش و جوان هەیە، کە پەیوەندیان بە ناونیشان و بە ناوەڕۆکی هەنراوەکەوە هەیە.
بە کورتی لە رووی تەکنیکی چاپکردن و هونەری دیزاینی هەنراوە و وێنەکان، دەتوانم بڵێم پەرتووکی مرواری، بەشی هەرزەری کوالیت و ستانداردی پەرتووکی نموونەیی بە منداڵان تێدایە. لە رووی چاپ و ناوەڕۆک و فەرموو، یەکەکە لە جوانترین پەرتووکە کوردیەکە چاپکراوەکانی ساڵی (٢٠٢٤) ە، بە منداڵانی کورد.
هەنراوەنووس کاک محەمەد بەرزی، بە پێشکێشکردنی کورت دەستی پێکردووە.
لە پێشکێشکردا نووسیوێتی:"هەنراوەی باش هەوێنی هونەری داهێنانە، پێیامێکی چێژبەخشە و کاریگەری گەورەی لەسەر رەحی مرۆڤ هەیە، خەم و ئازار و فشار کەمدەکاتەوە، ئاخژن و ئارامی دەدا بە دڕوونمان و دەتوانێ ئەمە و منداڵەکانمان فێری خۆشەویستی بکات و دڵمان خۆش و گەش بکات... هتد".
کاک محەمەد بەرزی، نووسەر و هەنراوەنووسێکی بە توانایە و ژمارەیەکی ڕەشنبیری و زانستی گشتی هەیە. حەز

بە زەر و بەر ناکات، بەکو ئەو" نەخت و پوخت" دەنووسیت. توانا و شارەزاییەکی باشی لە زمانی کوردیدا هەیە. سەرجەم هەنراوەکانی مراواری، کورتن بە کوردییەکی شیرین و ناسک و ئاسان نووسیوانی و بە گری گەن. هەر یەکە لە هەنراوەکانی پەیامێکی پەروەردەیی بە منداڵان دەگەیەنن. بەهای بەرزیان لەخەگرتوون. بابەتاکانی نامە نین و لە ژینگە و ئارەزوو و خواست و ژیانی رۆژانەی منداڵانی کوردەوە، ئیلهامی بە هاتوون. رەنگدانەوەی سروشتی جوانی کوردستانیان پەوە دیارە. کاک بەرزی گرنگییەکی زەریشی بە کەش و سەروا و ریتم و مەزیکی هەنراوەکانی داون. لەسەر کەشی بەگەیی خەمالی هەنراوکانی هەنیوەتەوە. هەر هەموویان شایەنی ئەوەن کە لەلایەن ئاوازدانەرانەوە ئاوازیان بە دابنرەن و بکرەن بە گەرانی و بە سرووت، بە دەنگی ناسک و شیرینی منداڵان تەمار بکرەن. گەر بمانەوەت بە وردی و بە تەسەلی، باسی یەک بە یەکی هەنراوەکانی مرواری بکەین. ناتوانین بە باسکی کورتی سەرپەی چەند لاپەڕەیەک، بە تەواوی و بە جوانی لە هەموو رووەکەوە، هەموو هەنراوەکانی مرواری شیبکەینەوە.

تەنها وەک گوبژەر و نموونە، ئاماژە بە سێ هەنراوە و بە چەند دەڕەکی چەند هەنراوەکی گەزاری هەنراوەکانی مرواری دەدەین. گەرچی هەموو هەنراوەکانی شایەنی ئەوەن، کە بخرەنە بەردەم خوەنەرانی تامەزرەی هەنراوەی منداڵان. تا بزانن، کاک بەرزی بە چ مەروارییەکی دەگمەن و بەنرخ (مەرواری) ی رازاندەتەوە.

لە دوو دەی یەکەم، لە هەنراوەی (وەتەکەم) کە مەبەستی کوردستانی جوانە:

وەتەم شاخ و دەشتە
جوانە وەک بەهەشتە
باخی گوە و گەزارە
هەموو وەرزە بەهارە

لە دوو دەی یەکەم، لە هەنراوەی (پەشمەرگە) باس لە بەرخودانی پەشمەرگەی شەشگەەی کوردستان دەکات، کە لە جیهاندا بوونەتە سیمبولی قارەمانەتی.

هەەی ئەم نیشتمانە
پەشمەرگەی قارەمانە
سەری لە ئاسمان دەخشە
بە ئەمە تەدەکەشی

لە هەنراوەی (پەلکە زەینە)ی حەوت رەنگدا، کە دوای باران

دەردەکەوێت، وەک مژدەیەکی خۆشی و خەڵاتکردن، سەرنجی گوڕە و منداڵان ڕادەکێشێت. ئەم هەنراوەیەی کاک بەرزی، لەلایەن ستافی سایتی (موزەی هونەری منداڵان) ەوە، لە ساڵی (٢٠٢٠) دا، لەسەر فانیلە (تیشێرت) چاپیان کردوە و داینارە بە فرۆشتن.

چەپکە ڕەنگی چەماوە
پەلکەزێڕینەی ناوە
ناوە ناوە دوای باران
دەردەکەوە لە ئاسمان
لەژێر تیشکی خۆری گەش
دنیا دەگرێتە باوەش
سوور و پرتەقاڵی و زەرد
سەوز و شینی بەگەرد

ئەرخەوانی و مەری جوان
گەردی ئاون هەمەوویان
پەلکەزێڕینەی ئاسە
ئاسمان دەکا بە تابلۆ
لە هەنراوەی دیمەنی (تەرز) باریین دا، بە هەستی منداڵیەوە، دەڵێت:

ئەمڕۆ هەوار بەرز
کوتە بەر تاوە تەرز
دەنکی وەکو مەروارى
خۆڕا خۆڕا دەبارى
بەربوونە ریزە دارە
گوڵا دەژایە خوارە
بە دەنکی زەر گەرورە
شەقەی دەهات پەنجەرە
تەرزیە تیژ دابەزی
زەر بە قایم هەبەزی
گەر چەترەکەم نەبوایە
ڕەنگە سەرم بشکایە

هەنراوەی (سوێند) جەختکردنەوەیە، لە دەسەزی و تەکۆشان و بەرگری لە سنووری کوردستانی نیشتمانمان، تەدەکشین و وازناهێنین تا دەبێت بە دەوڵەت:

بە خوای گەورە سوێند دەخەم
دەستەزبم بە خاکی خەم

تەنکەشم بە رژ و شاو
بە بەرزەتی ناوی ئاو
بیپارەزم سنووری
چ نەزیک و چ دووری
بۆی بسووتێم وەکو مۆم
تا سەربەخۆیی بێم
لە بیری نەکەم ساتێ
تا دەبێ بە دەوڵەتێ
ئاوەدان پڕ لە جوانی
ئازادبێ رەنگانی
شایەنی باسە، وەک من ئاگادارم، کاک محەمەد بەرزی بۆشی زۆری پەرتووکی (مرواری) بە دیاری، پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی شارەکانی کوردستان کرد، بە ئاوڕی بەسەر قوتابخانە بنەڕەتییەکاندا دابۆشیان بکەن. کارەکی جوانە. قوتابیانی قوتابخانەکان، دەتوانن بە ئاسانی دەستیان بە هەنراوەکانی مرواری بگات و بیانخوێننەوە. هەنراوەکانی بە قەناغی قوتابخانەی بنەڕەتی زۆر گونجاون.

زۆر زۆریش سوپاسی بۆ فرەبەڕێز و دڵسۆزمان، کاک محەمەد بەرزی دەکەم. کە دانیەک لە مرواری بە دیاری، لە شاری سلێمانییەوە بۆ نارویج بۆمی نارد.

ڕزا شوان
نارویج: ٦/ سێپتەمبەر/ ٢٠٢٥

لوتکەی شەنگەهای، چین و خاونی سەرکردایەتی سەرمایەداری جیهانی-1-.. ڕەحمان حوسێن زادە

(بەشی یەکەم)

لوتکەی شەنگەهای ئەم دواییە بە سەرکردایەتی بە مشتومڕی چین و

دواتر نمایشی سەربازیی گەورە ی سوپای ئەو وڵاتە، بە گوتەی زۆرێک لە چاودێران، چ لایەنگری چین و چ دژی چین، بە گومان ئاڵ و گورێکی گەورەیە لە پەیوەندییە جیهانییەکانی جەمسەرە ئیمپریالیستەکاندا و نیشانەیەکی ڕوونە بە سەرهەڵدانی چین بە ئەوەی ببێتە هێزی یە کە می ئابووری و سیاسی جیهان. لەم لوتکەیەدا شی جینپینگ سەرکی چین "دژی تاکلایەنە بون و بڕیاو فرەلایەنی" قسەی کرد. سوودی ئەم ئیدیعا تاکتیکییەی شی لەم قۆناغەی ئێستادا دوو لایەنی هەیە: لایەنی یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەی بە ڕانبە ر تاکلایەنەیی ئێستا و هێزموونی خووازی جیهانیی ئەمریکایە کە ترەمپ بە دروشمی "ئەمریکا یەکەم" پیداگری لە سە ردە کا، لایەنی دووەمیش ڕازیکردنی هاوڕەگانی ئێستای ناو ڕەکخراوی شەنگەهای و هاوپەیمانی بریکس، کە لە دەوری وەهمی چاودێرەکی فرەلایەنە لە ڕەکخراوی شەنگەهای دەسوڕێتەوە و هاندانی دەوڵەتە سەرمایەدارییەکانی دیکە بە نزیکبوونەوە لە جەمسەری چین و هاوبەشەکانی. لە کاتێکدا پەیامی ستراتیژی شی جینپینگ، سەرکردەی چینی ئیمپریالیست، لەم ڕستە کورتانەدا لە هەمان لوتکەدا دەربەدرا. "چین ڕێگری لێناکرێت" و ڕایگەیاند کە "ڕەکخراوی هاوکاری شەنگەهای مەدەلێکە بە نەزمی جیهانی" و کە دەتوانێت نکۆی لە بکات، لە ڕەکخراوی شەنگەهای، لەنوێیاندا لە لوتکەی ئەم دواییەی سە ڕۆشدا، چین سەرکردایەتی بە مشتومڕی وەرگرتووە و ڕوونە کە ڕووسیا و هیندستان و زیاتر لە بیست وڵاتی لەو کەبوونەتەوە پگەی سەرکردایەتی چینیان قبوڵ کردووە. لوتکەی شەنگەهای ئەمسا یەکێتی و یەکگرتوویی زیاتری لەم جەمسەرەدا دروستکرد. ئەم پەیامکی هەشداری بوو بە بلەکی ڕۆژئاوا و ئەمریکا و ناتە کە لە ئەنجامی سیاسەتەکانی ترەمپ لە گرژی و گۆڕاوی ناوخۆیی جددیدان. کاردانەوەی دەستبەجێ و دەمارگیرانەی ترەمپ و نیگەرانی سکرتێری گشتی ناتە و سەرکی یەکێتی ئەورووپا و حکومەتەکانی ئەورووپا تەنها پەیوەندی بە ڕای گشتی و ئەنجامگیرەندراوەکانی لوتکەی شەنگەهای و ماناڕ سەربازییە قورسەکانی ئەم دواییە لە گەڕپانی تیان انمەن نییە. خەمی قووڵتریان لەسەر ئامانج و سیاسەتە ڕانگەیەندراوەکان و لەمودوای ڕەکخراوی شەنگەهای بە سەرکردایەتی چین لە هاوکێشە جیهانییەکاندا دەبێت. کاراکردنی لوتکەی شەنگەهای ئەمجارە زەر یەکدگرتەوە لەگەڕ ستراتیژی پارتی "کەمۆنیستی" چینی و ئەو حکومەتە پاوانخواز و ئیمپریالیستییەی کە لێیەوە سەریهەڵداوە، کە پێشتر وتو یانە تا سە ردە می سەدەمین ساڵیادی دامەزراندنی "کەماری گەلی چین" لە ساڵی ٢٠٤٩دا ئیرادەیان ئەوە یە خۆیان بکە ن بە دەسەاتی پێشەنگی ئابووری و سیاسی جیهان.

گەانکاری وا ئه گه ر روبدا، ئەمه گەانکارییە کی گەورەیە بە سەرکردایەتیکردنی جیهانی سەرمایە؟ پرسیار ئه وه یه ئامریکا و قوتبی روژئاوا وه ها ئالو گوریک ته حه مول ده کا؟ لە بابەتی داهاتوودا له وەامی ئەم پرسیارە و ئەم بابەتە دەکەینەوە.

بەردەوامە

٥ی ئەیلوولی ٢٠٢٥

.